# لینگەفرتیَ



بەهێز حوسێن
Bahez2005@yahoo.com

هەموومان نێربین یان میَ لە نێو لینگماندا شتێك هەیە ( شازەكان نەبێت كە هەیانە هەردوكیانیان هەیە ) ، كە پیاوەتی و مێییەتی ئێمە دەسەلمێنێت و ڕەگەزەكانمان لەیەك جودا دەكاتەوە ، دڵنیام لەوەی نێو لینگی هەر یەكێكمان چیرۆكێكی هەیە ( لەگەڵ داوای لێبوردن لەوانەی كە ڕەنگە ئێستا ئەم وتارە بخوێننەوە بەڵام لە نێو لینگان كەوتبن ) ئەگەر چی ئەوانیش تا بەكاربوون و پێیان كرابێت بە نێو لینگیان چەندان چیرۆكیان نوسیوەتەوە .

ئەوەی بەلای منەوە گرنگە بە نهێنی هێشتنەوەی ئەو چیرۆكانەیە كە سەرەتا و كۆتاییان هەر نێو لینگە و جگە لە خۆیان و كلێنكس و كۆندۆمەكان كەسی تر پێی نەزانیون ، بەڵام پێمخۆشە قسە لە سەر ئەو نێو لینگە پیسانە بكەم كە لە پشتی مێز و لە نێو وەزیفە ئیداری و حیزبییەكانیاندا ( نێولینگ) بەكار دەهێنن ولە هەر فرتەكردنێكیاندا پۆستێك یان پاچە زەوییەك یان موچەیەكی مانگانە یان موكافەئەیەكی چەند سەد هەزاری سەری دەخوریَ و لە بودجەی حكومەت ولە بەشی خەڵكی دەچیَ ! .

تاسەر ئێسقان لەگەڵ ئازادی لینگەفرتێدام ، بەڵام چۆن و لەكویَ و لەگەڵ كیَ ؟

ئاخر ڕەنگە بۆمنی بیَ پۆست و بیَ ڕەكیزە و دەست نەڕۆیشتوو جارجارە لینگەفرتێش ئاسایی بێت چونكە زیان بەكەس ناگەیەنم و بەشی كەسیش ناخۆم ، بەڵام ئەوانەی خاوەن پۆستی حكومی و حیزبین لینگەفرتەكانیان بە زیان بۆ (ئەموال و مومتەلەكاتی عامە) دەشكێتەوە .

ئێوە دیقەت بدەن بەرپرسێك ئەناسم لەبەر خاتری (ژنەكەی) هەتیوێكی چڵكنی نەخوێنەواری كردۆتە بەرپرسی نوسینگەی ئیعلامی خۆی و شەو و ڕۆژ مەشغوڵی تەلەفۆنات و مەوعیدی ڕەسمی كردووە و زۆرجاریش پێی دەڵیَ تۆ لە شوێنی من تەسریح بدە ، باشە ئاخر ئەگەر ئەمە بۆ لینگەفرتیَ نەبێت چۆن قایل دەبێت كاروباری لایەنێكی گرینگی وڵات بسپێرێتە نەخوێنەوارێكی ژن جوان و نەشمیل !؟

كەسێكی تر دەناسم لە بەرامبەر هەر لینگە فرتێیەكدا 200 مەتر زەوی دووجا دەبەخشێت و دەڵیَ زیادەیە قەیناكا با ( دوو خێری ) لیَ بكەین !

مودیر مەكتەبێكیش دەناسم لینگە فرتیَ وای لێكردووە ئاگای لە پەروەردەی منالآن نەماوە و سەری هەموو مناڵەكانی قوتابخانەكەی ئەكا بەقوربانی وانەیەكی خسوسی نێو لینگانی مامۆستایەكی !

بەڕێوبەری پرۆژەیەكیش هەیە زۆر برادەرمە ئەڵیَ هەر كارمەندێكم لینگە فرتێیكم بۆ مسۆگەربكات تەرفیع و عەلاوەیەكی بۆ پێش دەخەم !

**لەم ماوەیەشدا کابرایەکی کاربەدەست کە بەهەفتەیەك موراجەعە پێی نەدەگەیشتی تا ئیمزایەکت بۆ بکات ، لە گەرمەی ئیمزاکردنی نێولینگی سۆزانییەکدا گیانی فرتەی کرد و ئێوەخۆش .**

**لە نێو ئەم لینگە فرتێیانەدا ولات ڕۆژانە چەندان ملیۆن دینار و هەزاران پۆست و عەلاوە و سەدان ڕۆژ مۆڵەت و سەماحی لێ دەڕوات و هەمووشی بە قوربانی نێو لینگی بەڕێوەبەر و بەرپرسەکان دەکرێت .**

**لە نێو ئەم لینگە فرتێیانەدا سەدان مامەڵەی هاولاتی لە فەرمانگەکاندا دەکەونەوە هەفتەی داهاتوو.**

**لە نێو ئەم لینگە فرتێیانەدا چەندان پرۆژە سەقەت دەبن و منالەکانمان پەروەردە شێواو دەبن .**

**هەر بەم هۆیەوە بەڕێوەبەرانمان لەگەڵ خێزانەکانیاندا فێری درۆبوون و هۆی دواکوتنیان لە گەڕانەوە و بەڕێوەنەبردنی فەرمانی نێولینگانەی زەوجییان دەگەڕێننەوە بە مەشغەڵەت و هیلاکبوونیان بە کاروباری خەڵك و ولاتەوە .**

**دڵنیام یان ئەوەتا دەبێ ئەم ولاتە هەمووی بە ( هەنگەشەلە ) بڕوات بەڕێوە، یان بە بڕیارێك لینگە فرتێی پشت مێز و بە خەرجی حکومەت و حیزب قەدەغە بکرێت ، یان ئەوەتا لینگە فرتێی ئەو دەیان هەزار گەنجەش ئازادکەن کە نە پارکی شەهید سامی لە هەولێر و نە پارکی ئازادی سلێمانی سوچێکی ڕەحمەتیان بۆ دەکەنەوە !**

**.من دڵنیام لەوەی لینگە فرتێ پێویستە ، بەلام با لەنێو حەرەمی زانکۆ و دادگا و فەرمانگە و بارەگای حیزبەکاندا نەبێت ، چونکە واخەریکە لینگە فرتێ سەرمان دەخوا ، مەڵێن خۆ فەرمانگە و بارەگای حیزبەکان لە کۆشکی سپی و منی پیاو لە کلنتۆن و ئەویش لە مۆنیکا گرینگتر نین ، چونکە هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەوەی لە پارەی گیرفانی خۆتان لینگە فرتێ بکەن و ئەمیشتان کردۆتە سەر حیسابی ئەبو شواربکەی حکومەتی هەرێم .**

**بۆیە تا ئەو کاتەی ئەم لینگەفرتێیە بە بڕیارێك چارەسەر دەبێت لە پاش ئەم دوعایەی من بڵێن ئامین :**

**یا ڕەبی تا دەرچوونی بڕیارێکی لەو چەشنە ، لینگەفرتێکارە مەسئولە پیرەکانمان دەنکی ڤیاگرای سوریشیان بە هەزاردۆلاریش دەست نەکەوێ**

**تەمبەڵ و تەوەزلیان کەیت**

**کافور لە قەلبیان بنێیت یا ڕەبولعالەمین**

**ئافرەتەکانمان لە کاتی دەوام و موراجەعەی مەسئولاندا (عادة ) بکەیت**

**هەموو ئەوانەی بەنێولینگ زەرەر بەم نیشتمانە دەگەیەنن لە لینگیان خەیت .... ئـــامـــین**